شێوەکار (بێجان خدر):

# هونەر ئامرازێکە بۆ چوونە نێو دونیای فەلسەفەی ڕەنگە سروشتییەکان



**هەڵۆ نانەکەلی**/ (بێجان خدر)ی هونەرمەند لەدایکبووی ١٩٩٠ی دەڤەری ڕەواندزە، خوێندنی سەرەتایی تا دووەمی ناوەندی لەشاری موسڵ خوێندووە، پۆلی سێیەمی ناوەندی لەمەخموور تەواوکردووە، ئێستاش قوتابی قۆناغی پێنجەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێرە لەبەشی شێوەکاریی، لەخانەوادەیەکی هونەریی پەروەردە بووە، بەمەستی ئاشناکردنی هونەرمەند (بێجان خدر) بەخوێنەرانی دەنگی مەخموور ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستە کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:

*** چەمکی هونەر لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

– هونەر لای من دونیایەکە لێوان لێوە لەعیشقو جوانیو پاکیو بێگەردی، تاکە ئامرازێکە بۆچوونە نێو دونیای فەلسەفەی ڕەنگە سروشتییەکان کە لەژیانماندا گوزارشتیان لێدەکەین.

*** هۆکارچی بوو پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەگشتییو بەشی شێوەکاریی بەتایبەتیت هەڵبژارد؟**

– چوونم بۆ پەیمانگاو بەتایبەتی بەشی شێوەکاریی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من هەر لەمنداڵییەوە خولیای نیگارکێشان بووم، ڕوونتر بڵێم بەهرەکەم خۆرسك بوو، بۆیە ویستم لەو ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی پەرە بەهونەرەکەم بدەمو خۆم زیاتر پێبگەیەنم.

*** بەڕای تۆ هونەری شێوەکاریی لەکوردستان لەچ ئاستێکدایە؟**

– بەبۆچوونی من هونەری شێوەکاریی لەکوردستان لەئاستێکی زۆر باشدایە، ئەگەر بێتو سەیری کۆلیژو پەیمانگای هونەرە جوانەکان بکەین، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە بەبەراورد لەگەڵ پێشتر، بۆ نموونە دەبینین مامۆستای زیرەكو بەتواناو سەلیقەمان هەیە بەدڵسۆزی کار بۆ پێگەیاندنی قوتابی دەکات.

*** لە هونەری شێوەکاریدا بەچ ڕێچگەیەکەوە پەیوەستیت؟ ئایا کاریگەریی هونەرمەندانی ترت بەسەرەوەیە؟**

– بێگومان هەموو هونەرمەندێك ڕێچکەی یاخود شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، شێوازو ستایلی کارکردنی من پەیوەستە بەستایلی هونەرمەندی گەورەو ناودار (سلڤارۆدالی)، لەبەرئەوەی کارەکانی ئەو هونەرمەندە فانتازیاو ئەندێشەو خەیاڵی تێدایە، بۆ خۆشم زۆر سەرسامم بەکارەکانی ئەو کەلە هونەرمەندە، بۆیە لەسەر ئەم ڕێچکەیە کارە هونەرییەکانم ئەنجام دەدەم.

*** جگە لەهونەری شێوەکاری چ بەهرەیەکی ترت هەیە؟**

– جگە لەکاری شێوەکاری هەر لەبواری هونەردا تواناو شارەزاییم لەژەنینی ئامێری (گیتار و درامس) هەیە، وەکو پیشەش کارەباچیم.

## لەیەك نەچوون



**فەرید مەخمووری**

تۆ کەسێکی لە ناخەوە داڕماویت، بێ باوەڕی تۆ مامۆستای دواکەوتن و زڕە دارێکی بێ بەری ڕۆژێك سپی و ڕۆژێکیش ڕەش، ڕەنگی دڵخوازت کامەیە؟ هەر مرۆڤێك ڕاستگۆ نەبێت شایستەی ئەو ئاکامەیە ئەفسوونێك لە نێوانمانە، بێ کۆتایی و سەرەتایە بەدەست تۆوە هێندە ماندووم وا دەمکوژێ ئەم پەتایە! دەڵێی لە(وانە)ی ئازاردان سەد لەسەر سەدت هێناوە کۆشکی هیوام لەگەڵ تۆدا وێرانە وەکوو کەلاوە بێگومانی ئەوەی دەیکەی هەمووی یاریی پەت پەتێنە کەچی هێشتا ئاخافتنت هێندە ڕەقە، دڵشکێنە هەرچی وتەو بڕیارتە لای من پوشێکی سووتاوە هەرچی هەست و ڕەفتارتە لەمێژە باویان نەماوە هێندە کۆشام و ئۆقرەم گرت وشکبوو دەریای ئارامم بۆ نەمانی ئەم کێشەیە دەست بەتاڵ و بێ ئەنجامم کوانێ ئێمە لەیەك دەچین، تۆ ژاوەژاو، من تەنیای گوناه نیە بەدیار تۆوە دابنیشم تا کۆتایی؟!..

**ئوستراليا**

٢٠٠٩/٩/٢٨

## هەواڵی هەمەڕەنگ.. هەواڵی هەمەڕەنگ.. هەواڵی هەمەڕەنگ.. هەواڵی هەمەڕەنگ..

### بووکێکی هەشت ساڵان لەعەرەبستان داوای تەڵاق دەکات



تەمەنی هاوسەرگیری لەعەرەبستانی سعودیا بەبەراورد لەگەڵ زۆرێك لەوڵاتانی دیکەی ئیسلامی لەخوارەوەیە، کچۆڵەیەکی ٨ساڵانەی عەرەبستانی سعودیا کە بەزۆر بەپیاوێکی سەرووی تەمەن ٥٠ ساڵ درابوو، داوای لەدادگا کردووە بەهانایەوە بچێتو لەو گرفتە ڕزگاری بکات. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (ڕادیۆی بی بی سی)، کچۆڵە ٨ ساڵانە سعودیاکە گوتی: "من ئاگام لەهیچ نەبووە باوکم سەربەخۆ منی بەپیاوێکی ناسیاری خۆی کە تەمەنی لەسەرووی ٥٠ ساڵەوەیە داوە". دایکی ئەو بووکە ٩ ساڵانە کە هەر لەسەرەتاوە ناڕازی بووە، داوای هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیرییەکەی لەدادگا کردووە. مارەکردنی کچانی کەم تەمەن لەپیاوان بەتەمەنی نادیارەوە لەوڵاتانی "یەمەنو عەرەبستانی سعودیاو هەندێ وڵاتی دیکە باوە، سەرەڕای ئەوەش پرس پێنەکردن بەکچانو بوونی ماڤی تەڵاق لەدەست پیاوان ئەو کۆتو بەندانەی توندتر کردووەتەوە".

### کچێك بەهۆی جوانیەکەیەوە لە سەر کارەکەی لابرا

بەهۆی جوانیو سەرنج ڕاکێشیەوە کچێك لەکارەکەی دەرکرا چونکە کارمەندەکان کاریان پێنەدەکرا لەگەڵ بینینی لەئەمەریکا کچێکی جوان کە کارمەندی بانکە لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە لەسەر کارەکەی لابرا بە هۆی جوانیەکەیەوە چونکە بەڕێوەبەرەکەی ڕایگەیاندوە بەهۆی ئەوەوە کارمەندە پیاوەکان ئاگایان لەکارەکەیان نەدەماو هەموویان سەرقاڵی تەماشاکردنی ئەو بوون.



ئەو کچە ناوی لۆرێنزایە و ئێستا داوایەکی یاسایی تۆمارکردوە لەسەر بەڕێوەبەرەکەی.

### کەم نوستن زیان بە ئافرەتان دەگەیەنێت

لێکۆڵینەوە پزیشکیەکان ئاشکرایانکردوە کەم نوستن زیانی بۆ ئافرەت هەیەو بۆ پیاو کەمتر.

لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی ئاشکرایکردوە ئەو ئافرەتانەی لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا ٨ کاتژمێر کەمتر دەخەون زیاتر توشی نەخۆشیەکانی دڵ دەبن.

لێکۆڵینەوەکە لەلایەن زانکۆیەکی بەریتانیەوە ئەنجامدراو دەرکەوت ئەو ئافرەتانەی کە لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا تەنها ٥ کاتژمێر دەخەون مەترسی توشبوونیان بەنەخۆشی دڵ زیاترە لەوانەی کە زیاتر دەخەون، بەڵام لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوت کەم نوستن زۆر کاریگەری خراپی بەسەر پیاوانەوە نییە وەك لەسەر ئافرەتان.

جێی ئاماژەیە لێکۆڵینەوەکە لەسەر ٤٦٠٠ ئافرەتو پیاو ئەنجامدرا کە تەمەنیان لەنێوان ٥٥ بۆ ٣٥ساڵیدا بوو.



## سێکس لەژیانی مرۆڤدا

# نابێت زۆر لە ئافرەت بکرێت بۆ ئەنجامدانی سێکس

گرنگی سێکس لەژیانی مرۆڤدا بەپێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت، لە هەندێك کاتدا مرۆڤ بۆ سێکسکردن زۆر چالاك دەبێت، کەچی لە هەندێ کاتی تردا زۆر لاوازە.

ئەم چالاکیانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت. جا چ ئەمانە بەشێوەی کردار بن یان شێوەی هەست. چەندین هۆکاری کاریگەر هەیە، کە چالاکی مرۆڤ بۆ سێکس دەگۆڕن لە هەمووی گرنگتر هۆکاری دەرکییە کە کاریگەری زۆری بۆ سەر هەستی مرۆڤ هەیە.

### قۆناغی گەشەکردن

قۆناغی گەشە لە تەمەنی هەشت ساڵیدا دەست پێدەکات، بەواتا چوونە ناو قۆناغی مێینە یان نێرینە، ئەمەش بە گەشەکردنی کۆئەندامی زاووزێ دادەنرێت، بەشێوەیەك لەش ئامادەیی بۆ زاوزێ دەبێت. لەم قۆناغەدا لەش بەشێوەیەکی خێرا دەگۆڕێت و زۆرجار بارێکی ناهەموار دروست دەکات. لەم قۆناغەدا مرۆڤ هەست بە شەرم دەکات یان هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکات، یاخود تێکەڵەیەك لەم هەستانە دروست دەبن. لەم قۆناغە ناسکەدا کاریگەری چواردەور بۆ سەر مرۆڤ زۆر زۆرە، هەربۆیە لەم قۆناغەدا هەندێك هەرزەکار شێوازی کەسێك یان ئارەزوویێکی تایبەت بە خۆیان وەردەگرن.

### سوڕی مانگانە

لە مێینەدا دوو هێلکەدان هەیە، ئەم دوو هێلکەدانەش هەڵگری چەندین هەزار هێلکەی نەپیتراون. پاش قۆناغی گەشە هێلکەدان هەموو مانگێك هێلکەیەك فڕێ دەدات. ئەگەر بێتوو ئەم هێلکەیە بەهۆی سپێرمەوە نەپیتێنرێت، ئەوا هێلکەکە دەمرێت. هێلکەدان هەموو مانگێك ئامادەیی خۆی بۆ سکپڕبوون نیشان دەداتو دیواری ناو هێلکەدان لەم کاتەدا ناسك و تەنك دەبێتەوە. ئەگەر بێتوو جووتبوون ڕوو نەدات یان سپێرم نەگاتە هێلکەدان، ئەوا هێلکە لە کۆئەندامی مێینەوە دێتە دەرێ و بەمەش سوڕی مانگانە دروست دەبێت. بەچاو ناتوانرێت هێلکەی سووڕی مانگانە ببینرێت، چونکە زۆر بچووکە.

دەرکەوتنی سوڕی مانگانە لە کچێکەوە بۆ کچێکی دیکە دەگۆڕێت، زۆر کچ هەست بەگەرمێکی زۆری ناو لەشیان دەکەنو هەندێکی دیکەشیان هەستێکی ئەوتۆیان نییە، هاوکاتیش زۆر کچ هەست بە ئازارێکی یەکجار زۆر دەکەن. لەو ئەندامانەی کە لەکاتی سووڕی مانگانەدا ئازاریان تێدا دەردەکەوێت مەمکە، هاوکاتیش هەردوو مەمك شێوازێکی گەورەتر وەردەگرنو چەند زیپکەیەك لەسەر ڕووی کچان دەردەکەوێت. لە کۆتایی تەمەنی چل ساڵیو سەرەتایی تەمەنی پەنجا ساڵیدا ڕەگەزی مێینە لە سوڕی مانگانە دەوەستێتەوەو توانایی دروستکردنی منداڵیشی نامێنێت.

### نیشانەکانی گەشەکردن لە ڕەگەزی مێینەدا

– گەورەبوونی هەردوو مەمك لەگەڵ ئازارێکی زۆردا

– دەرکەوتنی موو لە بن باڵ و کۆئەندامی زاوزێ

– گەورە بوونی سمت

– کۆئەندامی زاووزێ گەشە دەکات و هێلکەدان دەست بەدەرکردنی هێلکە دەکات“ پاش ماوەیەکی کەم سوڕی مانگانە ڕوو دەدات

گۆڕانکارییەکانی ڕەگەزی نێرینەش بریتین لەمانە

– گەشە کردنی سنگو شان

– هاتنی ڕیشو سمێڵ کۆئەندامی زاووزێو گەورە بوونیان

– دەرچوونی سپێرم لە کۆئەندامی زاوزێیەوە، لە کاتی خەو دا، ئەوەش بە "شەیتانی بوون" ناو دەبرێت



### ڕێنمایی پێویست بۆ قۆناغی هەرزەکار

لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە گەورەکان ڕاستی تەواوەتی بە منداڵەکانیان بڵێن و ڕێنمایی تەندروستی تەواویان بکەن. چونکە لەم قۆناغەدا هەرزەکار هەستێکی زۆر جیاوازی لە قۆناغەکانی پێشو پاش هەرزەکاریدا هەیە. هەر زانیارێکی هەڵە یان هەر هەڵسوکەوتێکی نەگونجاو بەشێوەیەکی ناهەموار بەسەر هەرزکاردا دەشکێتەوە.

### فاکتەرەکانی نەمانی ئارەزوو بۆ سێکس لەنێو ڕەگەزی مێینەدا

زۆر گرنگە بۆ ڕەگەزی نێرینە لەوە شارەزا بن، کە خۆشی و ڕەزامەندی ئافرەت هۆکاری ئاسوودەکردنو تێرکردنی ڕەگەزی نێرینەیە لەکاتی سێکسدا، هەربۆیە نابێت زۆر لەئافرەت بکرێت بۆ ئەنجامدانی سێکس، ئەگەر هاتوو ئافرەت ئارەزووی لەسەر نەبێت. خەتەنەکردنی مێینە یەکێکە لەو هۆکارانەی ڕەگەزی مێینە لە خۆشییەکانی سێکس بێبەشدەکات. ئەم دیاردەیەش لەزۆربەی زۆری وڵاتانی جیهانی سێیەمدا پەیڕەو دەکرێت، ئەوەش دەبێتە هۆکاری وشکبوونەوەی کۆئەندامی زاووزێ ئافرەت. هەروەها کار دەکاتە سەر ڕێژەی ئەگەری لەبارچوونی منداڵ، چونکە لەڕێگای خەتەنەکردنەوە بەشێکی گرنگی کۆئەندامی زاووزێ مێینە دەبڕێت. بەشوودانی کچان دوور لەئارەزووی خۆیان، هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی خۆشی لە سێکس نەبینێت. چونکە ئەو کچە مێردەکەی وەك کەسێکی بێگانە تەماشا دەکات و ناتوانێت وەك پێویست تێکەڵی ببێت.

سەرچاوە: سایتی نەوا

# ئەنتەر دەیەوێت بۆندێك لەگەڵ میسی مۆربكات




سەرۆكی یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتالی (ماسیمۆ مۆراتی) رایگەیاند كەوا هەوڵ دەدات بۆند لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی (لیۆنێل میسی) مۆربكات.

ماڵپەری (گازیتا دێلۆ سپۆرت)ی ئیتالی بلاویكردۆتەوە، سەرۆكی یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتالی (ماسیمۆ مۆراتی) رایگەیاندووە، لەمانگی یەنایری داهاتوو هەوڵ دەدات بۆند لەگەڵ ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی (لیۆنێل میسی) مۆربكات. هەروەها چەند ماڵپەرێكی ئیسپانی بلاویان كردۆتەوە، كەوا بەرێوەبەری وەرزشی یانەی ئەنتەرمیلان (ماركۆ برانكا) لەمەدرید بووە ئەمەش بۆ ئەوەی بۆندی لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (كەریم بنزیما)و (چاڤی ئەلۆنسۆ)و (دییێگۆفۆرلان) مۆربكات.

جێی باسە بۆچەڵ كردنەوەی بۆندی باشترین یاریزانی جیهان (لیۆنێل میسی) كە هەر یانەیەك بۆندی لەگەڵ مۆر بكات پێویستە بڕی (٢٥٠) ملیۆن یۆرۆ ئامادە بكات.

# نرخی كاكا ٦٥ ملیۆن یۆرۆیە

**هێمن گەلالی**

سەرۆكی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی (فلۆرێنینۆ پێرێز) رایگەیاندووە كەوا نرخی یاریزانی بەرازیلی ریكاردۆ كاكا (٦٥) ملیۆن یۆرۆیە.

ماڵپەری (مۆنفدنسیال)ی ئیسپانی بلاویكردۆتەوە، كەوا سەرۆكی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی (فلۆرنتینۆ پێرێز) دەست بەرداری یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی مەلەكی (ریكاردۆ كاكا) نابێت. هەروەها ماڵپەرەكانی ئیسپانی هەفتەی رابردوو رایگەیاندووە، كەوا راهێنەری یانەی ریال مەدرید (جۆزێیە مۆرینهۆ) رازی بووە كەوا یاریزانی بەرازیلی ریز یانەكەی مەلەكی جێبهێلێت بۆ ئەوەی هێرشبەرێكی نوێ بێتە ریز یانەی ریال مەدرید.

ماڵپەرانی ئیسپانی بلاویان كردۆتەوە، كەوا ئەگەر سەرۆكی یانەی مەلەكی (فلۆرنتینۆ پێرێز) لەوانەیە لەفرۆشتنی یاریزانی بەرازیلی (ریكاردۆ كاكا) رازی ببێت، بەلام بەمەرجێك نرخی یاریزان (٦٥) ملیۆن یۆرۆیە بۆ هەریەك یانەكەی بیەوێت بۆند لەگەڵدا مۆربكات.




## هەواڵە وەرزشییەكان

**مۆرینهۆ: كۆتایی بە گەڵەگایی بەرشە دەهێنم**

خۆزێ مۆرینهۆی راهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەخولی ئیسپانیش دەستی كرد بەدانی ئەو لێدوانانەی كە پێی دەناسرێت. مۆرینهۆ رایگەیاند كە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرشلۆنە وەك كەڵەگا كۆنترۆڵی خولی ئیسپانی كردووە، بەلام ئەمساڵ كۆتایی بەگەڵەگایی یانەی بەرشلۆنە دەهێنم.

**رۆماریۆو بیبیتۆ بۆ پەرلەمانی بەرازیل**

دوو یاریزانی بەناوبانگی بەرازیلی خۆیان بۆ پەرلەمانی بەرازیل كاندید كردووە..ئەم دوو یاریزانەش هەریەك لە (رۆماریۆ)و (بیبیتۆ)ن كە لە ساڵی ١٩٩٤ توانیان جامی جیهانی بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل بەدەست بهێنن. بەپێی راپرسییەكانیش پێدەچێت ئەم دوو یاریزانە بەتایبەتیش رۆماریۆ بتوانن دەنگی باش بەدەست بهێنن و كورسی خۆیان لەپەرلەماندا مسۆگەر بكەن.

**یاریزانێك ٩١ ساڵ راگیرا**

رۆژنامەی لیكیپی فەرەنسی بلاویكردەوە بەهۆی ئەوەی عەلی بەدرەدینی مەغریبی لەیەك ساڵدا یاری تۆپی پێی فوڵسالی بۆ دوو تیپی جیاواز كردووە، بۆیە یەكێتی تۆپی پێ فەرەنسا بڕیاریدا بە سزادانی یاریزانی ناوبراو كە بۆ ماوەی ٩١ ساڵ لەیاریكردن رابگیرێت، بەو هۆیەوە ئەو یاریزانە تا كۆتایی تەمەنی ناتوانێت بگەڕێتەوە ناو یاریگاكان.

**لەبەر خاتری بەرشە**

بەڕێوەبەری كارەكانی یاریزانی ئەرجەنتینی ماكسی لۆپێز ئاشكرایكرد كە بەهۆی ئەو ململانێیەی نێوان بەرشەو ریالدا هەیە، لۆپێزی یاریزانی پێشووی یانەی بەرشلۆنە ناچێتە ریاڵ، چونكە رێزی یانەكەو جەماوەرەكەی دەگرێت.

**كلیلی یانەی ریاڵ**

خۆزێ مۆرینهۆ لەدیمانەیەكی تەلەفزیۆنیدا ئەوەی راگەیاند كەوا یاریزانی یانەكەی (چابی ئەلۆنزۆ) كلیلی یاریكردنی یانەی ریاڵە، ئاماژەی بە یاریزانی هێڵی ناوەڕاست (ئۆزێل)یش كرد كە زۆر هەستیارە، گوتیشی رۆناڵدۆو دی ماریا یارییەكی باش دەكەن.

### بۆند لەگەڵ پێنج یاریزان مۆردەكات

# یانەی هەولێر بە فەرمی گرێبەستی ٧ یاریزان نوێ دەكاتەوە

بۆ ئەوەی لەریزی تیپەكەیان لەخولی پلە نایابی عێراق لەتۆپی پێ یاری بكەن، دەستەی كارگێری یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی ٧ یاریزانی یانەكە نوێ دەكاتەوەو پێنج یاریزانی دیكە دەهێنێتە ریزەكانیەوە.

بەپێی هەواڵێك، كە لەماڵپەری فەرمی یانەی وەرزشی هەولێر بلاوبووەتەوە، یانەی هەولێر بە فەرمی گرێبەستی هەریەكە لەیاریزانان مەهدی كەریم، هەڵگورد مەلا محەمەد، ئەحمەد ئیبراهیم، نەبیل عەباس، لوئەی سەلاح، موسلم موبارك، حوسێن عەبدولواحید بۆ ماوەی یەك وەرز نوێكردۆتەوە، بەلام نرخی




گرێبەستەی یاریزانەكانی ئاشكرا نەكرد. وا بڕیارە بەشی راگەیاندنی یانەی هەولێر لەم نزیكانە كۆنگریەكی رۆژنامەنووسی ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بەفەرمی یاریزانەكان پێشكەشی دەزگا راگەیاندنەكانی كوردستان بكات.

لەلایەكی تر یانەی تۆپی پێی هەولێر بۆندێكی لەگەڵ پێنج یاریزانی یانەكانی عێراقی مۆركرد كە سێ لەیاریزانەكان لەهێڵی هێرشبەر یاری دەكەن. ئەوانیش بریتین لەیاریزانان (محەممەد قاسد) گۆڵچی یانەی زەوراو (ئاوس ئیبراهیم) لەهێڵی بەرگری یانەی شورتەو (مستەفا ئەحمەد) هێرشبەری یانەی زەوراو (ئەمجەد كەلەف) لەهێڵی هێرشبەری یانەی شورتەو (عەلی مەنسور) یاریزانی هێڵی هێرشبەری یانەی بەغدا.

# كۆمپانیایەك هەوڵی هێنانی چەند یاریزانێك دەدات

# دوو یاریزانی بەناوبانگی بەرشەو ریال دێنە كوردستان

بەرێوەبەری كۆمپانیای (پارسیان)ی ئێرانی راگەیاند، لە ٢٣ تا ٢٠١١/١/٢٨ پێشانگەیەكی تایبەت بەوەرزش لەهەولێر دەكەنەوەو هەوڵی هێنانی سەرۆكی یەكێتی تۆپی پێی جیهان و چەند یاریزانێكی یانەكانی ریال مەدریدو بەرشەلۆنەی ئیسپانی بۆ هەرێم دەدەن.

كامەران رەهبەری بەرێوەبەری كۆمپانیای پارسیانی ئێرانی لەكۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیدا ئاشكرای كرد هەر لەو پێشانگەیەدا لەگەڵ پێشاندانی درێسەكانی یانەكانی ریال مەدریدو بەرشلۆنەی ئیسپانی دوو ئەستێرەی ئەو یانە گەورانە دێنە هەرێمی كوردستان ٢٠٠٠ درێس لەسەر حسابی خۆم بەوازۆی ئەوان دەكرێتە دیاریی بۆ هاندەرانیان.

شایەنی گوتنە كۆمپانیای پارسیانی ئێرانی یەكێكە لە كۆمپانیا نێودەوڵەتییەكانی جیهان و ئەم پێشانگایەشیان یەكەم پێشانگە دەبێ لەم جۆرەو تێیدا ٢٧٠ كۆمپانیا بەشداری دەكات.

# روونكردنەوەیەك لەلایەن گۆڵچی و كاپتنی یانەی وەرزشی مەخموور

دوای بلاوبوونەوەی راپۆرتێك لەژمارە ٢٤ی رۆژنامەی (دەنگی مەخموور)دا بەناونیشانی (یانەی مەخموور بۆ سێیەم جار نەیتوانی بگاتە خولی پلە یەكی كوردستان)، لەو راپۆرتەدا هاتووە كەوا ئەندامێكی دەستەی كارگێری یانەی وەرزشی مەخموور بەشێك لەو ئەنجامە خراپەی یانەكەیان لەو خولە دەخاتە ئەستۆی گۆڵچی یانەكەیان، بەو هۆیەشەوە یاریزان (هێرش مەجید حەمید) گۆڵچی و كاپتنی یانەی وەرزشی مەخموور لەتۆپی پێ روونكردنەوەیەكی بۆ رۆژنامەكەمان رەوانە كردووە ئەمەش دەقی روونكردنەوەكەیەتی:

"دیارە هەمووكەسێك ئازادە لە رادەبڕین لەرۆژنامەو گۆڤارەكان، رۆژنامەی (دەنگی مەخموور)یش یەكێكە لەو رۆژنامانەی كە بەراستی لەخزمەتی خەڵكە دایەو راوو بۆچوون و رەخنەو پێشنیازەكان دەخاتەڕوو، بۆیە منیش بەپێویستی دەزانم وەلامێكی ئەو ئەندامەی دەستەی كارگێری یانەی وەرزشی مەخموور بدەمەوە كە لەژمارە ٢٤ی رۆژنامەكەتان بلاوكراوەتەوە. ئەو بەرێزە ئەنجامی یارییەكە دەخاتە ئەستۆی من! لەكاتێك ئەو لەدوورەوە هەواڵی یانەكە دەزانێ و هەر بەناو ئەندامی دەستەی كارگێرییە، لەوكاتەی یانەكە تێكەڵ كراوە كەس نازانێ كێ دەستەی كارگێرییە، ئەو بەرێزە بێ ئاگابووە لەوەی یانەی مەخموور ماوەی چوار مانگ مەشق و راهێنانی كردووە، زیاتر لە ٢٥ یاریزانی مەخموور بەو گەرمای هاوینە ماوەی دوو مانگ مووچەیان ٦٠ هەزار دینار بووە، بەلام ئێمە پارەمان لا گرنگ نییە دەمانەوێ خزمەتی یانەكەمان بكەین، بەلام ئەوەی دەیڵێم راستییەكەیە، من لەو برادەرەو ئەوانی دیكەش دەپرسم بۆ چی ئێمە ٢٥ یاریزانی مەخموور تەنیا ٥ یاریزانمان بەشدارییان لەو یارییە كرد، ئەوان چوون یاریزانیان لەموسڵ و هەولێر هێنابوو بێ ئەوەی رۆژێك مەشق و راهێنان بكەن، كەچی تۆمەتەكەو ئەنجامەكە دەخەنە پاڵ ئێمە! ، كەچی بۆ یەك یاری بڕی ١٥٠ هەزاریان بەو یاریزانانە دابوو، جگە لە



پێدانی پێداویستی یاری و خواردن و ئۆتۆمبێل بۆیان، لێرەوە دەپرسم من بەرپرسیارم لەو ئەنجامانە یان ئێوەی دەستەی كارگێری؟، هەموو لایەك باش دەزانن ماوەیەك بەر لەو یارییە باوكی من كۆچی دوایی كردبوو كەچی من لەپێناو شارەكەم ئامادەبووم یاری بكەم، ئەگەرچی لەگێمی دووەم بە راهێنەرەكەم وت كە یاری ناكەم بەلام ئەو سووربوو لەسەر ئەوە، هەروەها یاریزانێكمان پێكانی هەبوو كەچی یارییان پێكرد، ئەمە جگە لەوەی چەند یاریزانێك هەر ئاگادار نەكرابوونەوە لەو یارییە.

لێرەوە دەپرسم سەركەوتنی یانەی مەخموور لەسێ یاری بەهۆی كێوە بوو، هەر ئەو یاریزانانە بوون، بەلام بەداخەوە هەقوابوو هەموو لایەك سەرنەكەوتنی یانەكەمان لە ئەستۆی خۆیان بگرتایە !.

لەكۆتاییدا دەپرسم یانەی مەخموور لەتۆپی پێ لەساڵی ٢٠٠٣ەوە لەپلە دوو یاری دەكات، كێ بەرپرسە لە سەرنەكەوتنی ئەو یانەیە كە بۆ ماوەی حەوت ساڵە لەخولی پلە دوو یاری دەكات؟؟. هیوادارم دەستەی كارگێری و بەرپرسانی یانەی مەخموور بەخۆیان دابچنەوە وا بكەن یانەكە بگاتە خولی پلە یەك و ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنێت چونكە ئەمە خەونی هەموومانە".

# تۆتی خەلاتی زێرینی بەدەستهێنا



(فرانسیسكۆ تۆتی) یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتالیا و یانەی رۆمای ئیتالی خەلاتی پێی زێرین بەدەستهێنا.

یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتالیا و یانەی رۆمای ئیتالی (فرانسیسكۆ تۆتی) تەمەن (٣٤) ساڵ خەلاتی پێی زێرین لەلایەن یانە پاڵەوانی جیهانی لە مۆناكۆ بۆ ساڵی (٢٠١٠) بەدەست هێنا. شایەنی گوتنە خەلاتی زێرین لەلایەن یانەی پاڵەوانی جیهانی دەبەخشرێت بەو یاریزانەی كە سەرووی (٢٩) ساڵیە، و یاریزانی ئیتالی سەركەوت بەسەر هەریەك لە یاریزانان (دێڤید بێكام، بۆفۆن، رائول گۆنزالێس، دیدیە درۆگبا، ساموێل ئیتۆ، ستیڤن جێرارد، كارلۆس پۆیۆل، رایان گیگز، كارنس سیدۆرف).مێژووی پێدانی ئەم خەلاتەش بۆ ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە.

## ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور

# بەشداری خولی ساڵانەی بەرێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر دەكات

**عەبدولرەحمان ئادەم**

تیپەكانی تۆپی پێ و تۆپی دەستو تۆپی باڵەو تۆپی باسكەی ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور بەشداری دەكەن لەخولی ساڵانەی بەرێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر كە تێیدا ١٠ ناوەندی وەرزشی بەشداریی تیایدا دەكەن.

یارییەكانی ئەو خولە بە دوو قۆناغ چوونو هاتن بەرێوەدەچن كە ئەمساڵ هەردوو ناوەندی دارەتوو و بنەسلاوە زیاد كراون، یارییەكان لەرۆژی ٢٠١٠/٩/٢٦ دەستی پێكردووە.

لەلێدوانێكیدا نەوزاد سەید عوسمان بەرێوەبەری ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور سەبارەت بەچۆنیەتی خۆ ئامادەكردنی ناوەندەكەیان گوتی "بەهۆی دواكەوتنی خولەكە كە دەكەوێتە ناو دەوامی فەرمی قوتابیان كە ئەمەش كاریگەری دەبێت بۆ سەر یاریزانەكان كە هەندێكیان ناتوانن ئامادەبن لەكاتی بەرێوەچوونی یارییەكان"، گوتیشی "هەربۆیە تیپەكان بەشێوەیەكی مام ناوەندی خۆیان ئامادەكردووە بۆ ئەم خولانە، بەلام ئەوەی تایبەت بێت بە بنكەكەمان لەیاری تۆپی دەستدا بەشێوەیەكی باش خۆی ئامادەكردووە".



مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠٤٦٥ ٥٤٦٣

دەستەی نووسین
خەلیل پالانی - عەبدولرەحمان ئادەم
كارزان غەمگین - هەڵمەت فاخیر

ماڵپەری ئەلیكترۆنی
www.mexmurpress.com

ناونیشان
كوردستان - هەولێر - مەخموور